# بەرەو کۆتاییی تەمەنی دەوڵەتە ناوەندگەراکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

**(جەنگی پازڵەکان)**

**نیکۆلۆ مەکیاڤێللی** (1469-1527): **"شێر بن، گورگان بڕەوێننەوە؛ ڕێوی بن، تەڵان بناسن! "**

قەرەنی قادری

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەدان ساڵە- بگرە زیاتریش- بە شێوەیەکی چڕ (مرکزی/ دەوڵەتی ناوەندی) بەڕێوە دەچێت. دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی دەوڵەتی چڕ (شۆڤێنیست، ئیسلامی و نائیسلامی)، نکۆڵی و سەرکوتکردنە. لە سەردەمی نوێیشدا تورکیا، بنەماڵەی پەهلەوی، کۆماری ئیسلامی (حکوومەتی مەلاکان) لە ئێران، عێراقی کۆن و نوێ، هەر ئەو ڕێچکەیان گرتووەتە بەر و هەر بەو ئاڕاستەیەیشدا و بەپڕتاو ئەسپی سیاسەتیان لینگ دەدەن.

لەم سەردەمەیشدا کە ئەمریکا "تالیبان"ی بۆ ئەفغانستان گەڕاندەوە، هەروەها تیرۆریست و "ئەلقاعیدە"یەکی سوننی (ئەحمەد شەرع) دەسەڵاتی لە سووریا بەدەستەوە گرت و، ڕۆژاوایش، بەتایبەتی ئەمریکا بەتەواوی پشتیوانیی لێ دەکەن، دیسان هەمان جەختکردنەوەیە لەسەر دەوڵەتێکی چڕ (شۆڤێنیست)، بەڵام بە "ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی"یەوە!؟

دەوڵەتی چڕ یانی دەوڵەتێکی یەک ئاڵا، یەک زمان، یەک نەتەوە، یەک ئایین و یەک پایتەخت. لە دەوڵەت و دیمەنێکی ئاوای حوکمڕانیدا، شتێک بە ناوی "تولێرانس" (پێکەوەهەڵکردن) کە بنەمای گەشەی جڤاکە، نامێنێت و سیاسەت و حوکمڕانی بە یەک ئاڕاستە (نکۆڵی لەوانی تر)دا ڕەگاژۆیی دەکەن. دەوڵەتی چڕ، دەوڵەتی قەیرانە!

بنەمای سەرەکیی دەوڵەتی چڕ، لە یەکێتی لە یەکڕەنگیدایە، بەڵام دەوڵەتی ناچڕ، قسە لەسەر یەکێتی لە فرەڕەنگی دەکات. یەکەمینیان بنەماکەی لەسەر نکۆڵیکردن و سەرکوتکردنە، بەڵام دووەمیان ڕووی لە گەشە، هەڵدانی تاک و ڕەنگەکانە و، "تولێرانس"یش گەشە دەکات.



ئەمریکا دەبێ ئەوە باش بزانێت کە لە بواری سیاسییەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر ناسەرکەوتووە. لە عێراق جەنگی بردەوە، بەڵام لە ٢٠٠٣وە تا ئێستا ئاشتی هەروا بەڕێوەیە. سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە شیعە، بەتایبەت کۆماری ئیسلامی، لە ناوچەکەدا هەم بۆ بەرژەوەندیی خۆی و هەمیش بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتە ئیسلامییە سوننەکان و ئیسرائیل سنووردار بکات و بیانخاتە پەراوێزەوە. بۆیە زۆر ئاساییە کە پشتیوانیی حکوومەتۆکەی ئەحمەد شەرعی ئیسلامی- ئەلقاعیدەی سوننی بکات.

بەڵام هەم دەوڵەتانی ناوچەکە و هەمیش ڕۆژاوا، بەتایبەتی ئەمریکا، دەبێ ئەوە بزانن کە سەردەمی حکوومەتە ناوەندگەرا (مرکزی)یەکان بەسەر چووە و، هەر هەوڵێک لەو بارەیەوە قەیرانخوڵقێنە و ناوچەکە بەرەو پێکدادان و نائارامی دەبات و، قەیرانەکانیش دووقات دەبنەوە. ئەمریکا لە ٢٠٠٣وە لە "دەوڵەتسازی" و "نەتەوەسازی" لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرکەوتوو نەبووە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فرەڕەنگە، لەبەر ئەوە سیاسەتێکی ڕەنگاوڕەنگی گەرەکە، نەک ناوەندگەرایی (یەک ڕەنگی)!

ئێمەی کورد، دەردی هاوبەشمان هەیە، کەواتە دەبێ پلانی هاوبەشیشمان هەبێت. هیچ ڕێگەیەکی ترمان لەبەردەمدا نەماوە، دەنا دەفەوتێین. واز لە هیستریای ناوچەگەرێتی و حزبایەتی (حزبی من) بێنن! گرێی ناکۆکی و جیاوازییەکان کز بکەنەوە و، واز لەو پەتایەیش (ڕەخنەگرتن لە هەموو کات و هەموو شتێک) بێنن. هەر بۆ وەبیرهێناوەیش بێت، ڕەخنەگرتن بۆ بەهێزبوونە نەک بۆ شکاندن، چەندبەرەکی، لێکترازان و دروستکردنی ڕق. پەسنیش بۆ دڵگەرمی و بەردەوامییە! با بۆ کارە باشەکان پەسنی یەکتر بدەین و بۆ کەموکورتییەکانیش یەکتر ئاگادار بکەینەوە!

هەرێمی کوردستانیش بەر لە هەموو شتێک نەك تەنیا پێویستە پارێزراو بێت، بەڵکوو دەبێ بەهێزیش بکرێت. "بەهێزی" یان "هێز" لە چەندبەرەکی و لاوازیدا نییە، بەڵکوو لە یەکگرتوویی، پێکەوەهەڵکردن و کۆدەنگیدایە!

سەردەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەردەمی قەیرانی حکوومەتی و دەوڵەتییە، بۆیە نائارامی و پێکدادان

بەشێکە لەو قەیرانە. ئەمە قەیرانی گەشە نییە، بەڵکوو قەیرانی کۆمەڵێک گرفتی مێژوویی (ستراکچێر)ە لە ناوچەکەدا. ڕێک لەبەر ئەوە سیاسەت و هەوڵدان بە ئاڕاستەی بەهێزکردن یان چێکردنی دەوڵەتانی چڕ/ ناوەندگەرا، ناوچەکە بەرەو نائارامیی زیاتر دەبات. با ڕێگە بۆ دیپلۆماسی بکرێتەوە و تفەنگەکان (هێزی ڕەق)یش بێدەنگ بێت!